لە کەندەکەوە وە بۆ سکاندیناڤیا



پرۆژەی ئاسترید لیندگرین، لە فێرگەی ڕۆژگار- گوندی کەندەکەوە

**لە ناوەڕاستی مانگی هەشتی  ساڵی 2005 دا، گەشتێکی فێرکاریمان بۆ ڕێکخرا بۆ وڵاتانی سوید و نەرویج لە ڕێگای ڕێکخراوی کۆمەکەوە. مەبەستی سەرەکی گەشتەکەمان، ئاشنابوون بوو بە شێوازی فێرکاری و سیستەمی خوێندن لە وەڵاتانی پێشکەووتوودا .**



فێرگەی ئۆرانیەنبۆرگ لە شاری ئۆسلۆ، نەرویج، ساڵی ٢٠٠٥

له دووهەم ڕۆژی گەشتەکەمان بۆ ئۆسلۆ، کاك کەریم مستەفا کۆرسێکی پێنج ڕۆژەی لەسەر دوو بابەت بۆ ئامادە کردبووین ئێواران لە سەعات شەشی ئێوارەوە دەستمان پێ دەکرد.

بابەتی یەکەمیان، دەربارەی فەلسەفە و مێژووی فەلسەفە بەگشتی و بابەتی دووەمیان، دەربارەی فەلسەفە لە قوتابخانەدا.
ئەم پرۆژەیە زۆر نوێیە، وەڵاتی نەرویج یەکێکە لە یەکەمین وەڵاتەکان کە ئەم پرۆژەیەی تێدا پیادە دەکرێت.
قوتابخانەی نورانیەنبۆرگ دووهەمین قوتابخانەیە کە ئەم پرۆژەیەی تیادایە.



کۆرس، سەبارەت بە وانەی (فەلسەفە بۆ منداڵان) بۆ مامۆستاکانی پرۆژەی ئاسترید لینگرین، لە گوندی کەندەکەوە ٢٠٠٥/٨/٢٠ لە فێرگەی نۆرانیەنبۆرگ، ئۆسلۆ- نەرویج

مەبەستی سەرەکی ئەم پرۆژەیە، وروژاندنی هەستی منداڵانە دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە هەتا ئێستا هەر گرنگن لەلای مرۆڤ. وەك ژیان و مردن، ڕاستی و ناڕاستی،...... هتد. مامۆستا ڕۆڵێکی تایبەت دەبینێت لەم وانەیەدا. قوتابیان هەر یەك لەلای خۆیانەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە دەکەن.

بۆ نموونە یەکێك دەڵێت :
" من پێم وایە دوای مردن زیندوو بوونەوە هەیە ! "
یەکێکی دی دەڵێت "
" من پێم وایە مرۆڤ، لەبەر فڵانە هۆ، زیندوو نابێتەوە ! "

ئەم گفتوگۆیانە زۆر بەڕێزەوە ئەنجام دەدرێن. مەبەستەکەش تەنها ئەوەیە کە منداڵان بتوانن بیر بکەنەوە و ڕێز لە بۆچوونی یەکتر بگرن

کۆرسێکی زۆر ڕێکوپێك بوو، کاك کەریم پەیمانی داوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەندێك بابەتمان بۆ ئامادە بکات هەتا بتوانین ئێمەش لە پرۆژەکانی خۆماندا پیادەیان بکەین.



منداڵانی گوندی کەندەکەوە، (نزیک سلێمانی) دەچن بۆ فێرگە، بەهاری ٢٠٠٥



هێرۆ، سەبری، سۆنیا، مامۆستایانی پرۆژەی کۆمەك لە مەکتەبی ڕۆژگاری سەرەتایی پرۆژەی ئاسترید لیندگرین

**هێرۆ، سەبری، سۆنیا.**

**سلێمانی- کەندەکەوە / پاییزی 2005**